حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
وەزارەتی پەروەردە - لیژنەی باڵای تاقیکردنەوە گشتییەکان
تاقیکردنەوە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی( پۆلی دوازدەهەمی زانستی )

بەناوی خودای گەورە بابەت : زیندەزانی / کات : 3.5 کاتژمێر
ساڵی خوێندنی 2023-2022 ( خولی یەکەم )

پەنجەمۆر


وەڵامی راست هەڵبژێرە: ( بۆ هەر پرسیارێك دوونمرە )

1.کام لەمانە نموونە **نییە** بۆ رووکەشە شانە؟
A-ئەو شانەیەی لوولەکانی خوێن ناوپۆش دەکات
B-ئەو شانەیەی ناوپۆشی بۆری هەوا دەکات
C-چینی دەرەوەی خوێنهێنەرەکان
D- چینە شانە دەرەکییەکەی پێست

2.ئەو ئێسکانەی راستەوخۆ بە شێوەی ئێسکی رەق دروست دەبن :-
A-جومگە نەبزێوەکان پێکدێنێت
B-مۆخی زەردی ئێسکی تێدایە
C-بەشێکن لە پەلە پەیکەر
D-هەموو وەڵامەکان هەڵەن

3.کام لەم ئێسکانە جەمسەرێکی بەشداری دەکات لە پێکهێنانی جومگەی گۆیی؟
A-ئێسکی بازوو B-ئێسکی ران C-ئێسکی کەوەرە D-( B+A ) هەردووکیان ڕاستن

4.کام جۆری ماسولکە لە بەشەکانی شێوەی بەرامبەردا هەیە؟



A- تەنها دڵە ماسولکە
B- دڵە ماسولکە و لووسە ماسولکە
C- تەنها لووسە ماسولکە
D- پەیکەرە ماسولکە و لووسە ماسولکە و دڵە ماسولکە

5.هەمووئەمانە دەربارەی ماسولکە ڕاستن **جگە لە**؟ A- دەزووەکانی ئەکتین و مایۆسین تەنها لە پێکهاتەی پەیکەرە ماسولکەدا هەیە
B- پارچە ماسولکە یەکەی فرمانی گرژبوونی پەیکەرە ماسولکەیە C-ریشاڵەکانی لووسە ماسولکە بە بەستەرە شانەیەك دەورەدراوە
D-لە کاتی خاوبوونەوەی ماسولکەدا دەزوولەکانی ئەکتین لەگەڵ مایۆسیندا لە ناو ماسولکەدا بەناو یەکداچوون

6.کام لەمانە دەربارەی زمانەکانی دڵ ڕاستە؟
A-لۆچن، کە تەنها بە یەك ئاراستەدا دەکرێنەوە B-ڕێگری دەکەن لە تێکەڵبوونی خوێنی لای ڕاستی دڵ لەگەڵ خوێنی لای چەپی دڵ
C-ڕێگری دەکەن لە گەڕانەوەی خوێنی تێر ئۆکسجین بەرەو هەردوو سکۆڵە D- هەموو وەلا مەکان راستن

7.رووی لە یەکچوون لە نێوان سییە سوور و کۆئەندامە سوور ئەوەیە کە :-
A-لە هەردووکیاندا خوێنی کەم ئۆکسجین بۆ دوور لە دڵ دەگوازرێتەوەو خوێنی تێر ئۆکسجین بۆ دڵ دەگوازرێتەوە
B-لە هەردووکیاندا خوێنی کەم ئۆکسجین بۆ دڵ دەگوازرێتەوەو خوێنی تێر ئۆکسجین بۆ دوور لە دڵ دەگوازرێتەوە
C-لە هەردووکیاندا ئاڵوگۆڕی گازی ڕوودەدات D-هەردووکیان بەشداری لە گێڕانەوەی لیمف دەکەن بۆ دڵ


8.لە باری ئاساییدا کام لەمانەی خوارەوە لە پلازمادا **نییە**؟
A-دژەتەن B-فایبرین C-ئەلبومین D-( B+A ) هەردووکیان راستن

9.ئەگەر کۆمەڵەی خوێنی کەسێك لە پلازماکەیدا دژە تەن تەنها بۆ دژە پەیداکەری A هەبێت و توانای دروستکردنی دژەتەن بۆ دژە پەیداکەری Rh نەبێت،ئەوا ئەو کەسە **ناتوانێت** خوێن وەربگرێت لە کەسێك کە کۆمەڵە خوێنەکەی ............. بێت.
A- $B^+$ B- $A^-$ C- $O^+$ D- $O^-$

10.خوێن بە کام ئاراستە دەگوازرێتەوە لە ماوەی ئەو قۆناغەی کە بە پیتی ( T ) لە هێلکاری دڵ نوێنراوە؟ A-لە خوێنهێنەرەکانەوە بۆ گوێچکەڵەکان
B-لە سکۆڵەکانەوە بۆ گوێچکەڵەکان C-لە سکۆڵەکانەوە بۆ خوێنبەرەکان D-لە خوێنبەرەکانەوە بۆ سکۆڵەکان

11.لە کام لەم کردارانەی خوارەوە ترشی کاربۆنیك دروست دەبێت ($H_2CO_3$)؟
A-لە گواستنەوەی $CO_2$ دا کاتێك خوێن دەگاتە سییەکان B-لە گواستنەوەی $CO_2$ دا کاتێك خوێن دەگاتە شانەکان
C-لە گواستنەوەی $O_2$ دا کاتێك ئۆکسجین بە هیمۆگلۆبینەوە دەبەسترێت لە سییەکاندا D-( B+A ) هەردووکیان ڕاستن

12. کام لەمانە لە تایبە تمەندییەکانی ئەو خانەیە یە کە بە ڕەنگی شین لە شێوەی بەرامبەر دیاریکراوە:-



A-دژە تەن دەردەدات B-وردبینە زیندەوەرە پەلاماردەرەکان قووت دەدات
C-جۆرێکە لە لیمفە خانەکان D-هەموو وەڵامەکان ڕاستن

13.ثایمۆسین دەبەسترێت بەو وەرگرانەی دەکەونە سەر:-
A- خانەکانی B B-خانەکانی T C-هەڵلوشێنەرە گەورەکان D-ئێسکە خانەکان


14.کاتێك پشکنین بۆ کەسێك کرا بینرا کە ئاستی ئینتەرفیرۆن لەلەشی کەسەکە بەرزە،بە پشت بەستن بە ئە نجامی ئەو پشکنینە زیاتر گومان دەکرێت کە ئەم کەسە تووشی نەخۆشییەك. بوویێت کە هۆکارەکەی:-
A-کەڕووە B-ڤایرۆسە C-بەکتریایە D-زیندەوەرێکی پێشەنگییە

15.کام لەمانە نموونەیە بۆ ئەو جۆرە بەرگرییەی کە پێویستی بە ناسینەوەی جۆری دیاریکراو لە دژە پەیداکەر هەیە؟
A-وەڵامدانەوە بەرگرییەکانی خانەیی B-وەڵامدانەوە هەوکردنەکان C-وەڵامدانەوەی گەرمی D-هەموو وەڵامەکان ڕاستن

16.کام لەمانە بە نێردراوی کیمیایی دەژمێردرێت؟
A-دەمارەگوێزەرەوەکان B-دەمارە پیپتیدەکان C- پرۆستاگلاندینەکان D-هەموو وەڵامەکان ڕاستن

17.لە کاتی تێکردنی کوتاو ، .لەش وەڵامدانەوە بەرگرییە :-
A-سەرەتاییەکان پەیدادەکات بۆ ئەو دژە پەیداکەرانەی لە کوتاوەکەدا هەن.و بیرخەرەوە خانەکان دروست دەکات
B-سەرەتاییەکان پەیدادەکات بۆ ئەو دژە پەیداکەرانەی لە کوتاوەکەدا هەن.و هیچ بیرخەرەوە خانەیەك دروست ناکات
C-دووەمییەکان دابین دەکات و بیرخەرەوە خانەکان دروست دەکات
D-دووەمییەکان دابین دەکات و هیچ بیرخەرەوە خانەیەك دروست ناکات


18.بە پشت بەستن بەو وێنە داتاییەی بەرامبەر لە کام لەمانەدا ئە نجامی تاقیکردنەوەی هەبوونی دژەتەنەکان دژی ڤایرۆسی HIV لەوانەیە پۆزەتیڤ **نەبێت**؟




A-تەنها 1
B-تەنها 3
C- 1 و 2
D-1 و 3

19.کام لەمانە راستە دەربارەی جۆگە ئایۆنییەکان؟ A-دەکرێت بکەونە سەر تەوەرە B-دەکرێت بکەونە سەر لق و پۆپەکان
C-هەر جۆگەیەکی ئایۆنی ڕێگە بە تێپەڕبوونی ئایۆنێکی تایبەتی دەدات D-هەموو وەڵامەکان راستن

20.کام لەم شێوانە گواستنەوەی ئەرکی کار لە تەوەرەی دەمارە خانەدا بە شێوەیەکی ڕاست پیشاندەدات ؟




21.مێشك : دەماخ
A- لانك : ژێرلانك B- ناوەڕاستە دەماخ : قەدی دەماخ
C-نێوانە دەماخ : ناوەڕاستە دەماخ D- نێوانە دەماخ : لانك

22.کام لەمانە لەو ڕێبازە **نییە** کە شە پۆلە دەنگییەکان ( لەرینەوەکان ) دەیگرنە بەر؟
A-بیستنە جۆگە B-ئێسکە بچووکەکانی گوێی ناوەڕاست C-جۆگەی ئۆستاکی D-کونی هێلکەیی

23.لە کرداری بینیندا ڕۆشنایی بە کام لەمانەدا دەڕوات؟ A-کۆرنیە B-بیلبیلە C-هاوێنە D-هەموو وەڵامەکان ڕاستن

24.هەموو ئەمانە لە کاریگەرییەکانی جگەرەیە لەسەر ئافرەتانی دووگیانی جگەرەکێش **جگە لە**:-
A-کێشی منداڵەکانیان لە کاتی لە دایك بوون کەمترە لە کێشی ئەو منداڵانەی کە دایکیان جگەرە ناکێشن
B-منداڵەکانیان بە دەست تێکچوون لە جەستە ،بیر، ڕەفتار و فێربوون دەناڵێنن
C-لەوانەیە مردنی منداڵەکانیان لە مانگە زووەکانی سەرەتای ژیانیاندا بە ڕێژەی دووئەوەندە زیاتر دەبێت
D-ئافرەتانی دووگیانی جگەرەکێش بە ڕێژەی دووئەوەندە بەرامبەر بە دایکانی جگەرەنەکێش تووشی لەبارچوون دەبن.

25.ئاوێتەی هۆرمۆن-وەرگری کام لەمانە لەگەڵ DNA دەبەسترێت و لەبەرگرتنەوەی بۆماوە پەڕڵەی دروستکردنی mRNA چالاك دەکات؟
A-ئیپینفرین B- ثایرۆکسین C-نۆرئەدرینالین D- گلوکاگۆن

26.کام لەم هۆرمۆنانە یارمەتی بەرزکردنەوەی قەبارەی خوێن دەدات بەوەی کە گورچیلەکان پارێزگاری لە ئاوو خوێیەکان بکەن؟
A-ثایرۆنینی سیانە یۆدی B-کالسیتۆنین C-ئەڵدۆستیرۆن D-سیکریتین

27.ئەنسۆلین ڕێژەی شەکر لە خوێندا کەمدەکاتەوە لە ڕێگەی وریاکردنەوەی خانەکانی لەش بە تایبەتی ماسولکەکان بۆ:-
A- کۆکردنەوەی گلوکۆز B-تێکشکاندنی گلوکۆزی زیادەو فڕێدانی لە ڕێگەی میز
C- بەکارهێنانی گلوکۆز بۆ وزە D-( C+A ) هەردووکیان ڕاستن

